# کرێکاران، زەحمەتکێشان، کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستان

26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە بەڕێوەیە. ڕۆژی کۆمەڵە ئەمڕۆ تەنیا ڕۆژی ڕێکخراوەیی و حیزبی نیە, بەڵکوو ڕۆژی ڕەوت و جەرەیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە. ڕۆژی ڕێکخراوەیەکە کە پێش هەموو شتێك بە لایەنگری لە قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و چەوساوەکان, ژنانی زۆرلێکراو, لاوان و جوتیارانی ڕەش و ڕووت, بە بیری کۆمۆنیستی و ئامانجی ڕزگاریبەخشی سۆسیالیستی دامەزرا. خەبات بۆ سازماندان و ڕێکخراوکردنی چینی کرێکاری ئێران هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە ئامانجی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوو. هەڵسووڕانی بێ‌وچانی تێکۆشەرانی کۆمەڵە لەناو کرێکاران لە گۆشە و کەناری ئێران هەتا پێش ڕاپەڕینی 57 و پاش ڕاپەڕینیش بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییەیە.

پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست, ئەو ئاسۆ بوو کە دامەزرێنەران و تێکۆشەرانی کۆمەڵە بۆی تێدەکۆشان. 10ساڵ پێش درووست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران, کاك فوادی ڕابەر و دامەزرێنەر وتی :

**"ئەورۆژەی کە هەتاوی گەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵدێ،**

**ئەو ڕۆژە ڕۆژی تواندنەوەی سەهۆڵبەندانی ستەمە ".**

**هاوڕێیان با هەتاو بزووێنین!**

ئەم وتە بەنرخەی کاك فوئاد پاش مەرگی سەربەرزانەیشی چرای ڕووناکیبەخشی ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ئەو بوو. دوکتۆر جەعفەری و کاك سدیقی کەمانگەر, ئەندامانی دامەزرێنەر و ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێران, تا کاتی گیانبەخت کردنیان ڕێبواری بەم حیزب و ڕێبازە بوون. دەیان و سەدان کادر و ئەندام و پێشمەرگە و لایەنگری کۆمەڵە, لە خەباتی کرێکاری و جەماوەری, لە زیندانەکان, لە شەڕی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا وەفادار مانەوە, چۆکیان نەلەرزی, بەلارێدا نەچوون, بیری کورت و ناسیۆنالیستی, لەژێر گوشار و زەخت و زۆری نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداریدا ئاسۆی لێ لێڵ و ون نەکردن. ئێستاش ڕێڕەوانی ڕاستەقینەی ئەم ئازیزانە دڵ قایم و سەربەرز و ورە پۆڵایین, لە جەرگەی خەبات و هەڵسانێکی نوێدا, هاودڵ و هاوگیان لەگەڵ چینی کرێکاری ئێرلن و کوردستان بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێن.

**هەر شەکاوە بێت ئالای سووری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**بژی کۆمەڵە و ئامانجی ڕزگاریبەخشی**

**کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**